سەرۆك وەزیران واژۆكردنی ڕێككەوتنێك لەگەڵ ژاپۆن بۆ دابینكردنی دارایی كارگە بچووك و مامناوەندەكان ڕادەگەیەنێت

ئەمڕۆ پێنجشەممە، سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، واژۆكردنی ڕێككەوتنێكی لەگەڵ ژاپۆن بۆ دابینكردنی دارایی كارگە بچووك و مامناوەندەكانی ڕاگەیاند، هاوكات ئاماژەی بەوەدا كە ئەم یارمەتیدەر دەبێت بۆ بوژاندنەوە و دامەزراندنی پیشەسازی نیشتمانی.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕاگەیەندراوێكدا بڵاویكردەوە " محەمەد شیاع سودانی، سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران ، بەیانی ئەمڕۆ پێنجشەممە كاركردنی لە پڕۆژەی ئاشی ئیتیحاد ڕاگەیاند لە شاری مەدحەتییە لە پارێزگای بابل، كە یەكێك لە پڕۆژەكانی كەرتی تایبەتە بۆ بەرهەمهێنانی ئاردی سفر لە ناوخۆدا و توانای بەرهەمهێنانی ساڵانەی دەگاتە یەك ملیۆن تەن".

هەر بەگوێری ڕاگەیەندراوەكە "سەرۆك وەزیران پڕۆژەی فراوانكردنی كارگەی شەكری لە كۆمپانیای ئیتیحاد كردەوە، دوای زیادكردنی هێڵی بەرهەمهێنانی نوێ بۆ بەرهەمهێنانی شەكر، بە زیادكردنی توانای بەرهەمهێنانی كارگەكە لە (4200) تەن لە ڕۆژێكدا بۆ (6000) تەن لە ڕۆژێكدا".

هەروەها ئەوەیش هاتووە كە "لە وتارەكەیدا، سودانی ئاماژەی بەوە كرد ئەم پێشكەوتنە بۆ چیرۆكێكی سەركەوتن دادەنرێت لە كەرتی تایبەتدا و جەختی لە پشتیوانی بێ سنووری حكومەت كردەوە لە پێناو هەلی كاری زیاتردا، چونكە لە ئێستادا چالاكییەكانی كۆمپانیاكە نزیكەی 4000 دەرفەت لەخۆدەگرێت، جگە لە

زیادکردنی بەرهەمهێنان و دابینکردنی زیادەکەی لە داهاتوودا بە هەناردەکردن بۆ دەرەوەی عێراق".

بە گوێرەی راگەیندراوەکە" سەرۆك وەزیران داوای لە بازرگانان و کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت کرد سوود لەو دەرفەتە وەبەرهێنانانە و ئەو گەرەنتییە سەروەرییانە وەربگرن کە لەلایەن دەوڵەتەوە پێشکەش دەکرێت لە ڕێگەی یاسای بودجەی سێ ساڵییەوە، هەروەها واژۆکردنی ڕێککەوتنێکی لەگەڵ ژاپۆن ڕاگەیاند بۆ دارایی کردنی پڕۆژەی بچووك و مامناوەندەکان بە بڕی 300 ملیۆن دۆلار، کە یارمەتیدەر دەبێت لە بوژاندنەوە و دامەزراندنی پیشەسازی نیشتمانی".

جێگای باسە کۆمپانیای ئیتیحاد بۆ پیشەسازی خۆراکی سنوردار لە پارێزگای بابل بە یەکێك لە گەورەترین کۆمپانیاکانی پیشەسازی لە عێراق دادەنرێت و شەش کارگە لەخۆ دەگرێت ئەوانیش: کارگەی پاڵاوتنی شەکر و کارگەی پاڵاوتنی ڕۆنی ڕووەکی و کارگەی بەرهەمهێنانی ئاڵفی ڕووەك و کارگەی دەرهێنانی سۆیا وکارگەی بەرهەمهێنانی پرێمیکس و کارگەی وشککردنەوەی گەنمە شامی زەرد".